جۆری دووەم لە شیرك

شیركی بچوك [الشرك الأصغر]

زانایان بە چەند شێوەیەك پێناسیان كردوە بۆ ئەوەی هەموو جۆرەكانی بگرێتەوە، ئەمەش شێوەكانن:

(١) ما جاء في النصوص تسميته شركاً ولم يصل إلى حد الأكبر.

هەر مەبەستێك (إرادە)، وە كردارێك، وە گوفتارێك، كە بەشیرك ناو برابێت لە دەقەكانی قورئان و سوننەتدا، وە نەگەیشتبێتە پلەی شیركی گەورە، ئەوە شیركی بچوكە.

(٢) هو كل ما نهى عنه الشرع من الإرادات والأقوال والأفعال التي هي ذريعة إلى الشرك الأكبر، ووسيلة للوقوع فيه، ولم تبلغ رتبة العبادة. وإن لم يطلق الشرع اسم الشرك عليه[١].

-كالغلو في المخلوق الذي لم يبلغ رتبة العبادة.

واتە: هەموو ئەو نیەت و مەبەست و گوفتار و كردارانەی كە نەگەیشتبنە پلەی عیبادەت و سەربكێشن بۆ شیركی گەورە هۆی توش بوونی بن. ئەوە شیركی بچوكە. ئەگەر لەشەرعیشدا ناوی شیركی لێ نەنرابێت.

وەك زێدە ڕەوی كردن لە مەدح وپیاهەڵدانی پیاوچاكان، بە ئەندازەیەك كە نەگەیەنرابێتە پلەی پەرستن.

(٣) وجعل سبب، لم يجعله الله سببا لا شرعا ولا قدرا؛ شرك أصغر[٢].

واتە دانانی شتێك بە هۆ (سەبەبێك) بۆ ئامانجێك؛ كە پەروەردگار ئەو شتەی بە هۆ(سبب) دانەنابێ و نەیكردبێ بە سەبەبی ئامانجەكە وە نەلەشەرعدا وە نە لەقەدەرو كەوندا، ئەوە شیركی بچوكەوەك لە دەست كردنی ئاڵقەیەكی مس یا هەر مادەیەكی تر یا پەڕۆو شاڵ بەو بیرو باوەڕەی كە هۆ (سبب)ی شیفایەو بەڵاو نەخۆشی لادەبات.

وە بێ گومان ئەم جۆرە شتانە سەبەبی شیفانین نە لەشەرعدا وە نە لە قەدەرو واقع و تەجروبەدا.

(٤) الشرك الأصغر[٣]: هو تسوية غير الله بالله في هيئة العمل، أو أقوال اللسان.

※ فالشرك في هيئة العمل: هو الرياء.

※ والشرك في أقوال اللسان: هو الألفاظ التي فيها معنى التسوية بين الله وغيره كقوله(ماشاء الله وشئت) و(عبد الحارث).

واتە: شیركی بچوك بریتی‌یە لە یەكسان كردنی غەیری خوا بە خوا، لە شێوازی كردار یا گوفتاری زمان.

---

(١) (القول المفيد على كتاب التوحيد) ابن عثيمين ١/٢٥٦ .

(القول السديد شرح كتاب التوحيد) ابن سعدي ص ٤٥ (فتاوى اللجنة الدائمة) (١/٥١٧).

(٢) (الفوائد المنتقاة من شرح كتاب التوحيد) ص٩ .

(٣) المدخل لدراسة العقيدة الإسلامية . د. ابراهيم البريكان ص١٢٧ و١٣٩

نمونەی شەریك بۆ خوا دانان لە شێوازی کردار، پێش چاوییە (الرياء).

وە نمونەی شەریك دانان لە گوفتاری زمان؛ ئەو وتەو گوفتارانەن کە یەکسـان کردنـی تێـدا بـەدی دەکرێـت لـە نێـوان پەروەردگار و دروستکراوەکانیدا. وەك ئەو وتەیە کە دەڵێن.

خوا حەزکات و تۆش حەزکەیت !.

وە شیرکی بچوك لەهەریەك لە: نیەتی دڵ و وتەی زمان وکردەوەی لاشەدا

ڕوو دەدات. بەم شێوەیەی خوارەوە :

(أ)شیرك لە نیەت و مەبەستە ون و نادیارو شاراوەکانی دڵ
(الشرك في الارادات الخفية)

وەك:

١. ڕیا و پێش چاوی خەڵك (الرياء).

واتە: لە خوا پەرستندا مەبەستت تەنها خوا نەبێت بەڵکو مەبەستت پێش چاوی خەڵکیش بێت بـۆ ئـەوەی لای ئـەوان بەگرنگ و مەزن دابنرێیت و ڕێزت لێ بگیرێت.

٢. بەگوێ دادانی خەڵك (التسميع).

واتە: لە وتەکاندا مەبەستت ئەوە بێت خەڵکی گوێ بیستت بن کە تۆ چەند باش و چاکیت. لە حەدیسدا هاتوە :

(إن أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر. قالوا: وما الشرك الأصغر ؟ قال: الرياء؛ يقول الله عز وجل لأصحاب ذلك يوم القيامة إذا جازى الناس: اذهبوا إلى الذين كنتم تراؤن في الدنيا؛ فانظروا هل تجدون عندهم جزاء ؟!)[١].

واتە: پێغەمبەرﷺ فەرموی: بەڕاستی ترسناك ترینی ئەو مەترسیانەی کە لە سەر ئێوەم هەیە شیرکی بچوکە[٢].

دوای ئەوە هاوەڵان فەرمویان: شیرکی بچوك چیيە؟.

(١) أحمد (٥/٤٢٨) البغوي في (شرح السنة) (٤/٢٠١/١). (الصحيحة) (٩٥١).

(٢): **واتە: لە زۆرشت دەترسم توشتان بێت . بەڵام لە هەموویان زیاتر مەترسی شیرکی بچوکە، بە تایبەتیش ئـەو شـیرکە بچـوکەی کـەون و شـاراوەیە** (الشرك الخفي) **چونکە خۆڕزگار کردن لێی ئیخلاصی زۆرو هەوڵدانی دەوێت بە یارمەتی خوا . بۆیە یەکێ لە پێشەوایانی سەلەف فەرمویەتی:**

(ما جاهدت نفسي على شيء مجاهدتها على الإخلاص).

واتە: ماندوو بوون و هەوڵ و تێکۆشانم لەگەڵ نەفسم نە کردووە بۆ ژێربار کردنی بۆ هیچ کارێك بە ئەندازەی هەوڵ دان لەگەڵی بـۆ مـل کـەچ بـوونی بۆ پاك بونەوەی تەواو لە نیەتی ڕیاو پێش چاوی و یەك لابونەوە بە خالیسی بۆ خوا. لەو شـتانەی کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لێیـان ترسـاوە کـە توشـی ئومەتەکەی بن:

* الأئمة الضلون: **پێشەوا گومڕاکارەکان .**

* الدجال .　　　* الدنيا والتنافس فيها : **پێش بڕکێ کردن لە بەدەست خستنی دونیا .**

فەرمووی: (**الرياء**) بریتی‌یە لە ریایی و پێش چاوی کردنی خەڵکی. واتە لە نوێژو پەرستندا بۆ خوا زیاتر بیڕازێنێتەوە و بە تەواوی دەری خەیت کاتێك یەکێك سەیرت دەکات بۆ ئەوەی لە پێش چاوی ئەو کەسە بە عەبدێکی باش دەرکەویت و رێزی تایبەتت لێ بگیرێت !!

وە پێغەمبەرﷺ فەرمووی:خوای گەورە لە رۆژی دواییدا کاتێك پاداشتی خەڵکی دایەوە بە ریاکاران دەفەرموێت: ئێوە بۆ وەرگرتنەوەی پاداشتی کردەوەکانتان— کەرپایتان تێدا کردوە- بڕۆن بۆ لای ئەو کەسانەی کە پێش چاوی ئەوانتان دەکرد لە دونیاداو مەراییتان دەکردن. بزانن هیچ پاداشتێکتان دەست دەکەوێت لای ئەوان؟!

وە(**سومعە**) ئەوەش دەگرێتەوە کە تۆ کردەوەکەت بشاریتەوە لەخەڵکی لە کاتی کردنیدا بۆ ئەوەی تەنها خوا لێی ئاگادار بێت بەڵام دوایی لەلای خەڵکی باسی بکەیت بۆئەوە عیبادەتی تۆ ببیستن.

وە هەردوو سیفەتی ریایی و سومعە (واتە پێش چاو کردن و بەرگوێ خستن). سیفەتی خراپن و لە بنەڕتدا هی مونافیقەکانن.

وە هەرکەسێ ئەم سیفەتانەی ببێت لە دونیا ئەوە لەوانەیە لە دونیا تا ماوەیەك بەمەبەستی خۆی بگات واتە خەڵکی بە پیاوێکی باش بیبینن و ناو بانگی ببیستن. بەڵام زۆری پێ ناچێت خوای گەورە پەردە لەسەر نیەتە ناپاکەکەی هەڵدەماڵێت و لە پێش چاوی خەڵکی سوك دەبێت. وە لە دوارۆژیشدا بە یەکجاری خوای گەورە سوك و ریسوای دەکات لە پێش چاوی خەڵکی بە ئاشکرا لەو رۆژەدا کە نهێنیو رازو نیازە شاراوەکانی ناو سنگ و دڵەکان دەردەخرێن و ئاشکرا دەبن. وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

[يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ] (الطارق:٩). و[أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ . وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ] (العاديات:١٠)

وە لە حەدیسدا هاتووە کە:

(من سمّع سمّع الله به.ومن يرائي يرائي الله)[١]

وە لە چەند ریوایەتێکی تردا دەفەرموێت:

((من قام مقام رياء وسمعة راءى الله به يوم القيامة وسمع به))[٢].

((مامن عبد يقوم في الدنيا مقام سمعة ورياء إلا سمع الله به على رؤوس الخلائق يوم القيامة))[٣]

واتە: هەرکەسێ ریایی لە کردەوەکانیدا بکات لە دونیا وە باسیان بکات لای خەڵکی بۆ ئەوەی پلەی بەرز بێتەوە لای خەڵکی و رێزی لێ بگرن و بە پیاوێکی باشی دابنێن. ئەوە لە رۆژی دواییدا خوای گەورە لەپێش چاوی خەڵکی و سوك و ریسوای دەکات و خەڵکیش هەواڵی سوك کرانی دەبیستن بەویستی خوا. پەنا بەخوا

(١) خ (٦٤٩٩) م (٢٩٨٦).

(٢) احمد والدرامي.

(٣) (الطبراني) بڕوانە (فتح الباري) (١٣/١٣٧).

پەروەردگار داوا لە تۆ دەکەم بمانپارێزیت لە سومعەو ڕیایی. وە ئیخلاسمان پێ ببەخشیت. یا حي یا قیوم یاذا الجلال والکرام **داوامان قبوڵ کەیت.**

٣. مەبەست بونی دونیا بەهەندێ کردەوە (إدرادة الدنیا ببعض الأعمال).

(ب) شیرك لە وتەکانی زماندا
(الشرك في أقوال اللسان)

ئەم جۆرەشیان نمونەی زۆرن لە ژیانی ڕۆژانەماندا، وەك:

١- سوێند خواردن بەغەیری خوا بەمەرجێك مەبەستی ئەوە نەبێت کە ئەو کەسەی یا ئەوشتەی سوێندی پێ خوارد گەورەو مەزن و پیرۆز بێت وەکو خوا" ئەگینا دەبێت بە شیرکی گەورە.

٢- وتنی (أحکم الحاکمین) و (قاضي القضاة)(شاهنشاه) بەحاکمێك جگە لەالله.

٣- ناونان بە (عبدالنبي) و (عبدالرسول).

٤- وتنی خوا بیەوێت وتۆ بتەوێت! (ما شاء الله وشئت)! (لەپەنای خواو تۆدا)!. (لە سایەی خواو سەری تۆدا)!. (لە خواو ئێوە بەزیاد بێت)!. (خواو پێغەمبەر بتپارێزن)!. (بەناوی خواو پێغەمبەر)!. (بەیارمەتی خواو پێغەمبەر)!.

وە لە چەند حەدیسێکدا هاتوە کە :

(١) عن قُتَيْلة بنت صفيّ امراة من جهينة قالت: (إن حبرا جاء إلى النبي ﷺفقال: إنكم تشركون! تقولون: ما شاء الله وشئت، وتقولون: والكعبة، فقال رسول الله ﷺ:

قولوا ما شاء الله ثم شئت، وقولوا: ورب الكعبة)[١].

واتە: ئافرەتێکی جوهەینە کە ناوی قوتەیلەی کچی صەیفی یە ڕەزای خوای لێ بێ وتی: زانایەکی جولەکە هاتە لای پێغەمبەر ﷺ وە وتی: (ئێوە شەریك و هاوەڵ بۆ خوا دادەنێن" دەڵێن: خوا بیەوێت و تۆ بتەوێت (وەیا دەڵێن: خوا حەز کات و تۆش حەز کەیت)).

وە پێغەمبەرﷺ فەرموی: بڵێن: ئەگەر خوا حەزکات و *لە پاشان* تۆش حەز کەیت. وە بڵێن :سوێند بە پەروەردگاری کەعبە.

(٢) عن الطفيل بن سخبرة أخي عائيشة لأمها: ((أنه رأى فيما يرى النائم، كأنه مرّ برهط من اليهود فقال: من أنتم ؟ قالوا نحن اليهود.

قال: إنكم أنتم القوم لولا أنكم تزعمون أن عزيرا ابن الله فقالت اليهود: وأنتم القوم لولا أنكم تقولون: ما شاء وشاء محمد! ثم مر برهط من النصاري، فقال من أنتم؟ قالوا: نحن النصارى.

---

(١) أحمد (٦/٣٧١-٣٧٢). (الصحيحة (١٣٦)

فقال: إنكم أنتم القوم، لولا أنكم تقولون: المسيح ابن الله!

قالوا: وإنكم أنتم القوم لولا أنكم تقولون: ما شاء الله و ما شاء محمد.

فلما أصبح أخبر من أخبر، ثم أتى النبي ﷺ فأخبره فقال :هل أخبرت بها أحدا ؟

قال: نعم. فلما صلوا خطبهم، فحمد الله،وأثنى عليه، ثم قال:

(إن طفيلا رأى رؤيا، فأخبر بها من أخبر منكم، وإنكم كنتم تقولون كلمة كان يمنعني الحياء منكم أن أنهاكم عنها؛ قال: ((ألا تقولوا: ما شاء الله وما شاء محمد))[1]

﴿فقولوا: ماشاء الله ثم شاء محمد﴾[2]

واتە: یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بە ناوی طوفەیل کە داك برای عائیشەیە ڕەزای خوایان لێ بێت. لە خەونیدا وای بینی کە بەلای کۆمەڵێك لە جولەکەدا ڕۆیش، وەپێی وتن: ئیوە کێن ؟ وتیان: ئێمە: جولەکەین. ئەویش پێی وتن: ئێوەن قەومێکی باش ئەگەر ئەو گومان و بیرو باوەڕە شیرکی‌یە پوچەڵەتان نەبوایە کە دەڵێن: پێغەمبەر عوزیر کوڕی خوایە :

ئەوانیش وتیان: ئێوەش ئەی موسڵمانان قەومێکی باش ئەگەر نەتان وتبا: خوا حەزکات و محمد حەزکات .

لەپاشان بەلای کۆمەڵێك لە گاورەکاندا ڕۆیشت وە وتی: ئێوە کێن ؟. وتیان: ئێمە گاورین (نصاری) ئەویش پێی وتن: ئێوەن گەلێکی باش ئەگەر ئەو باوەڕە شیرکی‌یە پوچەڵەتان نەبوایە کە دەڵێن عیسی کوڕی خوایە!

ئەوانیش وتیان: ئێوەش ئەی موسڵمانان قەومی باشن ئەگەر نەتان وتبایە: خوا حەزکات و محمد حەزکات !

وەکە (طفیل) بەیانی کردەوە خەونەکەی لای هەندێ کەس باس کرد. ودوایی هاتە لای پێغەمبەر ﷺ وە خەونەکەی بۆ گێڕایەوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموی:

ئایا بەکەست ڕاگەیاندووە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەویش ﷺ کاتێك نوێژیان کرد وتاری بۆ خەڵکەکەدا بەم شێوەیە کە سەرەتا حەمدو سوپاس و ستایشی پەروەردگاری کردوو دوایی فەرموی:

بەڕاستی (طوفەیل) خەونێکی بینیوە. وە بەهەندێکتانی ڕاگەیاندوە. وە ئێوە لە ڕابردوودا قسەیەکتان دەکرد و وشەیەکتان بەکار دەهێنا کە من ڕقم لێی بوو بەڵام لەشەرمی ئێوە نەمدەتوانی لێتان قەدەغە بکەم و بە ڕووتاندا بدەم کە وشەیەکی خراپ دەڵێن.

بەڵام ئەوە ئێستا پێتان دەڵێم:

مەڵێن: خوا حەزکات و محمد حەزکات. بەڵکو بڵێن: خوا حەزکات لە پاشان محمد))

---

(١) أحمد (٧٢/٥)

(٢) أحمد (٣٩٣/٥) وابن ماجه (٢١١٨). و(الصحيحة)١٣٨،١٣٧.

واتە ناوی من لەگەڵ خوا بەیەکەوە کۆمەکەنەوەو یەکسان مەکەن، چونکە ئەوە شیرکە. بەڵکو ئەگەر ناوی منتان هێنــا ئەوە لە دوای ناوی خوا بڵێن لەپاشان محمد.

(٣) عن ابن عباس رضي الله عنه قال: جاء رجل إلى النبي ﷺ فراجعه في بعض الكلام، فقال: ما شاء الله وشئت!. فقال رسول الله ﷺ:(أجعلتني مع الله عدلا ؟! (وفي لفظ: نِدًا ؟!).لا؛ بل ما شاء الله وحده)[١].

واتە: (عبدالله)ی کوڕی عەباس رضي الله عنه فەرمووی: پیاوێك هاتە لای پێغەمبــەر ﷺ وە هەنــدێ دوا لەگەڵیــداو وتــی: خــوا حەزکات و تۆ حەزکەیت. پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:

ئەوە تۆ منت کردە هاوەڵ و یەکسان و شەریکی ؟!

نەخێر جارێکی تر وا نەڵێیت بەڵکو بڵێ: گەر خوا حەزکات بەتەنها).

چونکە هەر شتێك خوا بیەوێت هەر ئەوە دەبێت" ئێمە بمانەوێت یان نا!!.

کەواتە ئێمە شیاوی ئەوە نین ناومان بخرێتە پاڵ ناوی خوا لەم شتانەدا یا خود بکرێینە شەریکی ئەو.

(ج) شیرك لە شێوازی کردەوەکانیدا
(الشرك في هيئة الأعمال)

وەك:

(١) (**التشاؤم والتطير**): ڕەش بینین بە هەندێ شت یا بە هەندێ کات وشوێن

(٢) هاتن بۆ لای فاڵ گرەوەو باوەڕ پێ کردنی، وە چوون بۆ لای شوێن هەڵگر بۆ دۆزینەوەی دز.

وە باوەڕ کردن بە ساحیرو جادوکەرو فنجان و ئاوێنە گرەوەو بەخت گرەوە.

(٣) نوێژ کردن بۆ خوا **لای قەبری پیاو چاك** و سوجدە بــۆ خــوا بــردن تیایــدا و خوێندنــەوەی قورئــان بــەو نیــەت و بیروباوەڕەوە کە لەلای قەبر عیبادەت باش ترە - بەگومانی خۆیان [٢]

(٤) **تەبەروك کردن** بە شوێنەواری پیاوچاکان و لاشەیان لە ژیانیاندا یا لە دوا مردنیان: واتە ئیعتیقاد بون بــە بــونی بەرەکەت و پیرۆزی وخێری زۆرو دەستکەوتنی ئەو خێرە لە شوێنەوارو لاشەی پیــاو چــاکاندا. ئەگەرچــی باوەڕیشــی وا بێــت بەرەکەتە لە خواوەیە، هەر شیرکی بچوکە. بەڵام گەر باوەڕی وابێت بەرەکەتەکە لە پیاو چاکەکەوەیە ئەوە شیرکی گەورەیە.

(٥) **التوسل البدعي**: واتە هەوڵی خۆ نزیك کردنەوە لە ڕەزا بون و خۆش ویستنی خوا بە ئەنجامدانی عیبادەت بــۆ خــوا لای گۆڕی پیاوچاکان بەتایبەت. یاخود بڵێی: خوایە بۆ خاتری ئەوان لێمان خۆش ببەو داوامان قەبوڵ بکە!.

---

(١) وابن ماجه (٢١١٧). (الصحيحة):١٣٩.

(٢) ص ١٧٤ البريكان.

(٦) (**لبس الحلقة والخيط لاتقاء العين**): هەڵواسینی پەڕۆو مێروە شینکەو ناڵی گوێ درێژو شتی تری خوراڤی لەم بابەتە بۆ لادان و نەهێشتنی چاوەزارو حەسادەت و زەرەروزیان.

تێبینی:

شیرکی بچوك جۆری وای هەیە لەوانەیە بگاتە شیرکی گەورەش. ئەوەش کاتێك کە بیروباوەڕی دڵی لەگەڵدا بوو وەك شیرکی گەورە. بۆ نمونە :

(١) سوێند خواردن بە غەیری خوا شیرکی بچوکە. بەڵام ئەگەر سوێند پیێ خوراو بەگەورە دانرا لە دڵەوە وەکو خوا، ئەوە دەبێت بەشیرکی گەورە.

(٢) پێش چاوی (الرياء) شیرکی بچوکە. بەڵام ئەگەر لە بونی ئیمان بە خوا ڕیایی هەبێت واتە ئیمان هێنانەکەی بە خوا تەنها لەبەر خوا نەبێت بەڵکو لەبەر ئەوەش بێت کە خەڵکی موسڵمان بە موسڵمانی دا بنێن ئەوە شیرکی مونافیقەکانە و گەورەیە یاخود ڕیابازی تێکەڵی هەموو کردەوەکانی بێت، وە هیچ کارێك بە تایبەتی بۆ خوا نەکات یا مەبەستی دونیا بێت بەگشتی لە کردەوەکانیدا وە مەبەستی خوا نەبێت.

بەڵام ئەگەر مەبەستی لە کردەوەی چاکدا وەك حەج بۆ نمونە پەیدا کردنی ماڵ بێت یا ئافرەت یان جیهاد بکات بۆ غەنیمەت یا دەرسی شەرعی دەخوێنێت تاوەکو وەزیفەو پیشەیەکی دەست کەوێت ئەوە شیرکی بچوکە.

(٣) لە دەست کردنی جۆرە **ئاڵقەی** تایبەت بۆ لادانی چاوەزارو حەسادەت !

ئەگەر تەنها گومانی وابێت ئەو ئاڵقەیە سەبەبی خۆ پارێزییە لە چاوەزار ئەوە شیرکی بچوکە

وە ئەگەر باوەڕیشی وابوو خودی ئاڵقەکە پارێزەرە لە چاوەزار یا لە نەخۆشی ئەوە شیرکی گەورەیە.

(٤) **الاستسقاء بالأنواء**: واتە ئیعتیقاد بوون بە ئەستێرە وەك سەبەبێك بۆ باران بارین شیرکی بچوکە. بەڵام کە ئیعتیقادی وابێت باران بارین لە ئەستێرەوەیە واتە ئەستێرە باران دەبارێنن ئەوە شیرکی گەورەیە.

حوكمی شیرکی بچوك

هەرکەسێ لە هەردوو جۆرەکەی شیرك -گەورەو بچوك- ڕزگاری بوو ئەوە بەهەشتی مسۆگەرە بەفەزڵی خوا.

وە هەرکەسێ شیرکی گەورەی بوبێت و لەسەری مردبێ پێش تەوبە کردن" ئەوە دۆزەخی بەردەوامی مسۆگەرە بە عەدل و دادپەروەری خوا. وە هەر کەسێ لە شیرکی گەورە ڕزگاری بێت و توشی هەندێ لە شیرکی بچوك بوبێت بەڵام کردەوەی چاکەی زیاتر بێت لە تاوانەکەی ئەوە دەچێتە بەهەشت بە یارمەتی خوا.

وە هەرکەسێ لە شیرکی گەورە ڕزگاری بوو، وە توشی شیرکی بچوك بوو بەزۆری تاوەکو لای تاوانەکەی زیاتر کات لە چاکەکانی ئەوە دەچێتە ئاگرەوە. پەنا بەخوا.

جیاوازی لە نێوان شیركی گەورە	و شیركی بچوك
١- تەوحید لە بنەڕەتەوە ناهێڵێت و مرۆڤ پـێی لە دین دەچێتە دەرەوە	* لە گوناهە گەورەكانە وتەواوێتی تەوحید ناهێڵێـت. بـەڵام مرۆڤ پێی لە دین دەرناچێت
٢- هەموو كردەوەكانی مرۆڤ هەڵدەوەشێنێتەوە.	* تەنها ئەوكردەوەیە هەڵدەوەشێنێتەوە كە زاڵ بـووە تیایـدا، یا لەبنەڕەتەوە هەر لە سەرەتاكەیەوە تێی كەوتووە.
٣- خاوەنەكـەی هــەتا هــەتایی لــە دۆزەخــدا دەمێنێتەوە و بەهەشت لەسەری حەرامە.	* سـزای بـەردەوامی دۆزەخ بـۆ خاوەنەكـەی دابـین ناكـات. بەڵكو هۆی چونە ناو دۆزەخەو ئەگەر خوا بیەوێت دەیخاتە نـاوی و ئەگەریش بیەوێت لێی دەبورێت.
٤- خوا دوای مردنی خاوەنی ئەو شـیركە، پـێش تۆبە؛ لەو شیركە گەورەیە خۆش نابێت.	* لێخۆش بوون لــەو جـۆرە لــە ژێـر ویسـت و مەشـیئەتی خودایەو مەجالی لێ بوردنی هەیە
٥- خاوەنەكـەی خـوێن و مــاڵی حـەڵاڵ دەبێـت بەهۆی شیركی گەورە. واتە: دروستە خوێنی بڕێژرێت وماڵی بە غەنیمەت بگیرێت؛ چونكە لە موسـڵمانان ناژمێردرێت، بۆیە پارێزراو نابێت.	* خــوێن و مــاڵی خاوەنەكـەی پـارێزراو دەبێـت چـونكە خاوەنەكەی بە موسڵمان دەژمێردرێت. بەڵام موسڵمانێكی تاوانبارو كەم باوەڕە.

كەواتە لە هەردوو بابەتی شیركی گەورەو بچوك بۆمان دەركەوت كە شەریك بۆ خوا دانان تەنها بریتی نی‌یە لە نوێژ كردن وسوجدەبردن بۆ غەیری خوا بەڵكو هاواركردنە غەیری خواو ئیعتیقاد پێ بوونیشی شیركی گەورەیە !

بەڵام ئەوەی جێگای داخە، هەندێك كەس، بانگەشەی خەڵكی دەكەن بۆ ئەو شیرك و كوفرو گۆڕ پەرسـتی‌یە، وە چـەندان عوزرو بەڵگەی ناڕەوای بۆ دەهێننەوە، بۆ قەناعەت پێكردنی خەڵكی سادەو نەخوێندەوار. جا ئەم دەسـتەیە لـە دوو كۆمـەڵ تێپەڕ ناكەن:

١. یان جاهیل و نەفامن و، بێ ئاگان لە قورئان و حەدیس، وە تائێستا بناغەی ئیسلامیان نەناسیوە، كـە بریتی‌یـە لـە تەنها خوا پەرستن؛ چونكە خەریك نەبوون بە دیراسەی قورئان و حەدیس كە سەرچاوەی ئیسلامەتین !!.

٢. وە یان زاڵم وستەمكارن، كە دەشزانن كارەكەیان بێ شەرعی‌یەو شیركە، بەڵام بەرژەوەندی دونیایی ماڵ و زەعامــەتیان لەوەدا دەبینن، كە خەڵكی چەواشە بكەن بۆ ئەوەی بە ناتێگەیشتوویی بمێننەوە.

وە ئەگەر ڕاستی بۆ خەڵکەکە ڕوون بێتەوە، بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان لـە دەسـت دەچـێت، بۆیـە هەمـووکـات دژی ڕاستین و دژایەتی ئەو موسڵمانانەش دەکەن، کە قورئان و حەدیسی ڕاست بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوە!. وە جۆرەها بوهتانیـان بۆ دروست دەکەن و بە بەکرێ گیراوو سەر لێ شێواو نیشانی خەڵکیان دەدەن، وە لەناو خەڵکی دا دەڵێن: ئـەم گەنجانـەی کـە باسی قورئان و حەدیس دەکەن و، تەنها هـاوار دەکەنـە خـوا، ئەوانـە دینێکـی تازەیـان هێنـاوەو، دینـی بـاب و باپیرانمـان دەگۆڕن!!.

بەم شێوەیە بوهتان بە موسڵمانی دڵسۆز دەکەن، هەروەکو چۆن لە مێژوی ڕابردودا:

* دارو دەستەی (فیرعەون)، بوهتانیـان بـە (موسـی) دەکـردو، لای فیرعـەون دەیـان وت: موسـاو هـارون ـ کـە دوو پێغەمبەری خۆشەویستی خوا بـوون ـ سـەر لـە خـەڵکی دەشـێوێنن و فەسـادی بڵاودەکەنـەوە لـە زەویـدا!. وەك قورئـان وتەکەیانمان بۆ دەخاتە ڕوو:

﴿وَقَالَ الْمَلَأُ مِنْ قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ﴾ (الأعراف:١٢٧).

واتە: ئەی فیرعەون ئایا تۆ واز دەهێنی لە موساو قەومەکەی فەسادی بڵاوبکەنەوە لە زەویدا، وە دینەکـەت بگـۆڕن بـە دینێکی تازەو وازبهێنن لە(پەرستن) و پەرستراوەکانی تۆو، دینەکەی تۆ؟!.

کەواتە ئەی موسڵمانی ژیر بیربکەوە، چۆن بەکرێ گیراوو ماستاوچیەکانی فیرعەون، تەنها خوا پەرستـیيان بـە فەسـادی بڵاوکردنەوە دادەنا لە زەویدا.

** وەهەروەها فیرعەون دەیوت موسا دینەکەتان دەگۆڕێت و فەسادی بڵاو دەکاتەوە لە وڵاتدا:

﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَنْ يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ﴾ (غافر:٢٦).

واتە: لێم گەڕێن با موسا بکوژم. با ئەویش بانگی پەروەردگارەکەی بکات دیفاعی لێ بکات؛ (**چونکە من دەترسم موسا دینەکەتان بگۆڕێت و فەسادی بڵاو بکاتەوە لە زەوی و وڵاتدا!!**).

(سبحان الله) ئاوا بوهتانی فەسادی بڵاو کردنەوە لە زەویدا بە پێغەمبەرانی خوا(علیهم الصلاة والسلام) بکرێت، ئەدی دەبـێ بـە ئێمەی شوێن کەوتەی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) چی بووترێت!.

وە ئایا فیرعەون دینی تازەی شیرك و کوفری بۆ خەڵکی هێنابوو ؟، یاخود موسی؛ کـە نـوێ کـەرەوەو زینـدوو کـەرەوەی دینی تەنها خوا پەرستیو ئیسلامەتی بوو؟!.

*** وە موشریکەکان دەیان وت: محمد دینێکی تازەی هێناوەو لە خۆیەوە دروستی کردوە پەروەردگاریش فـەرمووی:(قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعاً مِنَ الرُّسُلِ) (الأحقاف:٩).

واتە: من یەکەم پێغەمبەر نیم بۆ خەڵکی، وە دینی من تازە نیەو داهێنراو نیە بەڵکو درێژە پێدەری دینی پێغەمبـەرانی (علیهم الصلاة والسلام) پێشووە. وە دەیان وت:

﴿ أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهاً وَاحِداً إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ... مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ إِنْ هَذَا إِلَّا اخْتِلَاقٌ﴾ (ص:٥-٧).

واتە: ئەوە محمد هەموو پەرستراوەکانی وەلاناون و تەنها یەك پەرستراو بە حەق دەزانێت. وە لای وایە کە تەنها (اللّٰهُ) شایستەی هاوار لێکردن و داوا لێکردنە؟ بەڕاستی ئەو بانگەوازیەی محمد شتێکی عەجیب و سەیرە !! ئێمە شتی وامان نەبیستووە لە پێشینانی خۆمان. ئەوە دیارە محمد مەبەستی زەعامەت و دونیای هەیە بەم دینە تازەیەی کە دەڵێت: تەنها(اللّٰهُ) پەرستراوی ڕاستەو غەیری ئەو هاوارو پەرستنیان بۆ ناکرێت !!.

براوانە برای موسڵمان: ئەمڕۆش بەهەمان شێوە، بە شوێن کەوتوانی محمد ﷺ دەڵێن مەبەستتان حیزبایەتی‌یەو[1]، بەکرێ گیراوی دەرەوەن و، دینێکی سەیرو تازەتان هێناوە، کە باوك و باپیرانمان لەسەر ئەو دینە نەبوون!!

بەڵام ئەگەر قورئان حاکم بێت لە نێوانماندا، دەردەکەوێت کە ئایا ئێمەی ئەهلی سوننەت، شوێن کەوتوانی پێغەمبەرو ﷺ موسڵمانانی پێشین، دینمان تازەیەو داهێنراوە، یان ئەوانەی کە هاوار دەکەنە غەیری خواو، شەخس پەرستی دەکەن و، شەریك بۆ خوا بڕیار دەدەن ؟!.

زیاتر لە دەیان ئایەتی قورئانی، بە ئاشکراو ڕوونی باس لەوە دەکات کە: هاوار کردنە غەیری خوا شیرکەو ناشەرعی‌یە. بەڵام تەنها نیو ئایەتیش ناڵێت هاوار بکەنە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاکان.

جا هەندێک لەو ئایەتانەی کە هاوارکردنە غەیری خوا بە شیرک دادەنێن باس دەکەین.

وە ئەگەر گۆڕ پەرست و نەفامەکانیش ڕاست دەکەن، با تەنها ((نیوا)) ئایەت بهێننەوە کە بە ئاشکراو ڕوونی بێ لادان و مانا گۆڕین بەڵگە بێت لەسەر شەرعیەتی هاوارکردنە پیاوچاکان!!.

وە پێیان دەڵێین:

﴿ أَإِلَٰهٌ مَعَ اللَّهِ ؟! قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴾ (النمل:٦٤).

﴿ فَأْتُوا بِكِتَابِكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴾ (الصافات:١٥٧).

چەند بەڵگەیەکی قورئانی لەسەر بە شیرک دانانی هاوارکردنە غەیری خوا

١. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ ﴾(المومنون:١١٧).

واتە: هەرکەسێك لەگەڵ خوا هاواربکاتە پەرستراوێکی تر؛ کەهیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نیە لەسەر ئەم هاوارکردنە ، ئەوا ئەو کەسەی کە لەگەڵ خوا هاواری کردە کەسانی تریش حیسابەکەی لای خوایە و خۆی موحاسەبەی دەکات ، وە حیسابەکەیشی ئەوەیە کە سەرفراز نابێت چونکە کافرە. وە کە ڕزگار و سەرفرازیش نەبوو ئەوا بە هیلاك چووە و جێگای دۆزەخە بە بەردەوامی ، پەنا بە خوا.

(١) لە ڕاستیشدا ئەهلی سوننەت، شوێن کەوتوانی پێغەمبەرو ﷺ موسڵمانانی پێشین، دوورن لە حزبایەتی و ئینکاریشی لێ دەکەن!

ئیمامی الشنقیطی (المفسِّر) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی:

((قد بَيَّنَ أن حسابَه الذي عند ربِّه، لافلاح له فيه بقوله بَعْدُ (إنه لايُفْلِحُ الكافرون) **وأعظم الكافرين كفراً هو من يدعو مع الله إلهاً آخر**... ونفي الفلاح عنه يدل على هلاكه وأنه من أهل النار، وقد حذرنا الله من دعاء إلهٍ معه في آياتٍ كثيرة...))[1]

كەواتە: لەم ئایەتە قورئانیە دەركەوت كە هاوار كردنە غەیری خوا كوفرەو گەورەترینی كافران ئەو كەسەیە هاوار دەكاتە غەیری خوا لەگەڵ خوا. بەڵام بەداخەوە زۆر لە خەڵكی بە نەزانی هاوار دەكەن و دەڵێن: ((یا محمد، یا غەوس)) هاوار !.

٢. **پەروەردگار دەفەرموێت:** ﴿ فلاتدع مع الله إلهاً آخر فتكون من المعذبين ﴾الشعراء (٢١٣).

واتە: لەگەڵ (الله) هاوار مەكە هیچ پەرستراوێكی تر ئەگینا لە سزادراوان دەبیت.

٣. **پەروەردگار فەرموویەتی:**

﴿ وَلاَ تَدْعُ مِنْ دُونِ اللهِ مَا لاَ يَنْفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذاً مِنَ الظَّالِمِينَ ﴾ (یونس:١٠٦).

واتە: لەگەڵ (الله) هاوار نەكەیتە هیچ یەكێكی تر چونكە غەیری الله نە سوودت پێدەگەیەنێت نە زیان و هیچیان بە دەست نیە، وە ئەگەر هاوارت كردە غەیری خوا ئەوا تۆ لە ستەمكاران دەبیت. كە زوڵمیان لە خۆیان كردووە بە شەریك دانان بۆ خوا.

٤. **پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ كرد كە بفەرموێت:**

﴿قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلا أُشْرِكُ بِهِ أَحَداً قُلْ إِنِّي لا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرّاً وَلا رَشَداً﴾ (الجن:٢١،٢٠).

واتە بفەرموو: من تەنها هاوار دەكەمە پەروەردگارم، وە هیچ یەكێكی تر ناكەم بە شەریك بۆ پەروەردگارم لە هاوار لێ كردن و داوا لێ كردن و پەرستن بۆ كردن. ﴿كەواتە هاواركردن و داوا لێكردن و پاڕانەوە عیبادەتە" جا ئەگەر هاوار بكرێتە یەكێكی تر جگە لە (الله)؛ ئەوە پەرستن و عیبادەت بۆ ئەو كەسە كراوەو كراوەتە شەریك بۆ خوا﴾.

وە پەروەردگار ڕوونی كردۆتەوە كە ئەوەی هاوار دەكاتە غەیری خوا. گومڕاترین كەسەو كەس لەو گومڕاتر نیە چونكە ئەوانەش كە هاواریان دەكرێتێ عەبدو بەندەو دروستكراون وەك خۆیان ـ لە دروست كراوێتیدا ـ وە هیچیان خالق و دروست كەر نین و خاوەنی هیچ موڵكێكیش نین و مردوشن و زیندوو نین، وە ئاگاشیان لە هاواری خەڵكی نیەو هاوارەكەیان نابیستن و، ئەگەر واش دابنێین بیستیان خۆ وەڵامیان نادەنەوەو بە فریایان ناكەون؛ چونكە هیچیان بە دەست نیە بۆ خۆشیان جا چۆن دەتوانن سودو زیانی خەڵكیان بەدەست بێت. وە ڕۆژی قیامەت ئەو پیاوچاكانەی (لە دونیا) هاواریان دەكرایە دەبن بە دوژمنی ئەو كەسانەی هاواریان دەكردنێ و لێیان بەری دەبن و بێ باوەڕ دەبن بەو شیركەی كە ئەوانە كردوویانەو ڕازی نابن كەس لەگەڵ خوا هاواریان بكاتێ و بیان كەن بە شەریك بۆ خوا؛ چونكە ئەوان خۆیان بە بەندەیەكی لاوازو بێ

(١) تفسير ((أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن)) .

دەسەڵات دەزانن لە ئاستى خواو لە خوا دەترسن و خەمى خۆيانە. وە هيچ كاتێك پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و پياوچاكان خۆيان بە واسيتە دانەناوە لە نێوان خواو بەندەكانى: ئێستاش فەرمووو بە وردى بيربكەرەوە لە ماناى ئەم ئايەتانەى خوارەوە تا ڕاستى هەموو باسەكانت بۆ دەركەوێت تيايياندا:

٥ـ﴿ والَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴾ (النحل: ٢١، ٢٠).

واتە: ئەوانەى هاواريان دەكەنێ هيچ شتێك دروست ناكەن بەڵكو خۆيان دروست دەكرێن. وە مردون و زيندوو نين وە هەستيش ناكەن كەى زيندوو دەكرێنەوە !! كەواتە چۆن دەبێ هاواريان بكرێتێ ؟! كە ئەوە حاڵيان بێت ؟!.

٦. ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (الأعراف: ١٩٤).

واتە: (ئەوانەى ئێوە دەيان پەرستن و هاواريان دەكەنێ جگە لە(اللَّهُ)، بەندەن وەكو ئێوە...). جا كەوابوو چۆن دەبێت هاوار بكەنە بەندەو بەندايەتى بۆ بكەن ؟!.

٧. ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِنْ قَبْلِ هَذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِنْ عِلْمٍ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ. وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لَا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ (الأحقاف: ٤-٦)

واتە: ئەى محمد، بە موشريكەكان بفەرموو: ئەرێ خەبەرم دەنێ، ئەوانەى ئێوە هاواريان دەكەنێ و دەيان پەرستن جگە لە (اللَّهُ) نيشانم دەن، چيان دروست كردووە لە زەويدا ؟! يان شەراكەتيان هەيە لەگەڵ خوا لە دروست كردنى ئاسمان؟!، ئەگەر ڕاست دەكەن كيتابێكى ئاسمانيم بۆ بهێنن كە لە پێش قورئان هاتبێت يان لەو عيلمەى لاتانە بەڵگەيەكم بۆ بهێننەوە لەسەر ئەو واسيتە دانان و هاوار كردنەو، شەريك بۆ دانانى.

بێگومان هيچ وەڵاميان پێ نيەو بێ بەڵگەو دەليلن چونكە پەرستراوەكانيان خۆيان دروست كراون نەك دروستكەر بن وە هيچ كيتابێكى ئاسمانيش ڕێگەى نەداوە بە هاوار كردنە غەيرى خواو پەرستنى غەيرى ئەو. وە ئەو واسيتە دانان و، غەيرى خوا پەرستنە دينێكى داهێنراوى موشريكەكانە، نەك دينى دێرينى پێغەمبەران (عليهم الصلاه والسلام) و موسڵمانانى پێشوو بێت. بۆيە پەروەردگار خۆى حوكمى بەسەر ئەو دينەى موشريكەكان دا، لە شێوەى پرسيار ئاشكراى كرد كە هيچ كەسێك گومڕاتر نيە لەو كەسەى كە هاوار دەكاتە غەيرى خوا لە حاڵەتێكدا كە ئەو هاوار لێكراوە هيچ وەڵامێكى ناداتەوە تا ڕۆژى قيامەت. وە نەك تەنها وەڵام نەدانەوە بێت، بەڵكو هەر بێ ئاگاشن لەو هاوار لێكردنەى موشريكەكان چونكە يان غايبن وەيان مردوون وەيان بەردوو دارو بت و سەنەمن. وە كە ڕۆژى كۆكردنەوەى خەڵكيش هات (يوم الحشـر) لە ڕۆژى قيامەت لەو ڕۆژەدا هاوار لێكراوەكان دەبن بە دوژمنى هاواركەرەكان و دەڵێن خوايە بەبێ فەرمانى ئێمە، ئێمەيان داناوە بە شەريك بۆ تۆ، ئێمە بەرين لێيان و دوژمنيانين چونكە ئەوانە هاوبەش پەيداكەر بوون و ئێمەش تەنها تۆمان دەپەرست، وە هەروەها بێ باوەڕو نارازين بەو عيبادەت و هاواركردنەى بۆ ئێمەيان كردووە لە دونيا: ﴿ وكانوا بعبادتهم كافرين ﴾ كەواتە هاوار كردنە غەيرى خوا عيبادەت كردنيەتى. وە لەو ئايەتانەدا دەركەوت كە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و پياوچاكان ڕۆژى قيامەت دەبن بە دوژمنى ئەوانەى لە دونيا هاواريان دەكەنێ. وە شەفاعەتيان بۆ ناكەن !!.

٨-﴿ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِنْ قِطْمِيرٍ . إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾ (فاطر:١٤،١٣)

واتە: ئەو (اللّٰه) یە پەرستراوو پەروەردگارتانە، کە موڵك هەمووی بەدەست ئەوە. بەڵام ئەوانەی کە ئێوە دەیان پەرستن و هاواریان دەکەنێ جگە لە (اللّٰه) هیچ موڵکیان نیە بە ئەندازەی توێکڵە تەنکە سپیەکەی دەوری ناوکە خورماش، وە ناش بیستن چونکە یان بێ گیانن، وەیان گیان لەبەرێکی غاییب و نا مەوجودن، وەیان مردوون و لەناو گۆڕن و ژیانی دونیایان نەماوە. وە ئەگەر واش دابنێین دەبیستن هەر ناتوانن وەڵامتان بدەنەوە چونکە دەسەڵاتیان نیەو بێ توانان لە هێنانی سوودو لادانی زیان بۆ خۆشیان نەك هەر بۆ غەیری خۆیان !! کەواتە یەکێك نە موڵکی هەبێت وە نەبیستێت وە نەتوانای وەڵام دانەوەی هەبێت چۆن هاواری بکرێتێ سەربەخۆ، یان بکرێ بە واسیتە لای خوا ! وە هیچ لەو پەرستراوانەش کە هاواریان دەکەنێ جگە لە خوا وەك پێغەمبەران (علیهم الصلاه والسلام) و پیاوچاکان و فریشتەکان ڕازی نین بەوە کە هاواریان بکەنێ و بیان کەن بە شەریك بۆ خوا" بۆیە ڕۆژی قیامەت بەرائەت دەکەن لەوەی کە ئەوانتان دانابوو بە شەریك بۆ خوا:

﴿إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ﴾(فاگر:١٤).

کەواتە ﴿ هاوار کردنە غەیری خوا شیرکە﴾ وەك لەم ئایەتەدا دەرکەوت.

بەڵام بەداخەوە نەفامەکان هەر بە چاکی دادەنێن و باوەڕ بەو خەبەرەی خوا ناکەن و دەڵێن: پیاوچاك هەر دەبیستێت ئەگەر غاییب یا مردووش بێت. وە لەوەش زیاتر دەشتوانێت ئێستا شەفاعەتمان بۆ بکات لای خواو وەڵامیشمان بداتەوە!!.

جا ئایا کەسێك تۆسقاڵێ عیلم وعەقڵی هەبێت دوای بیستنی ئەم ئایەتانە جارێکی تر هاوار دەکاتە غەیری خوا، یان دەڵێت دروستە هاواریان بکرێتێ؟!.

بەڵام بەداخەوە نەفام و بێ ئاگایان ناگەڕێنەوە بۆلای سەرچاوەی ئیسلامەتی کە قورئان و حەدیسەو ناچنە خزمەتیان بۆ تێگەیشتن لێیان (تدبّر) و ئیش کردن پێیان. بەڵکو بەشیان لە قورئان خوێندن تەنها بۆ مردووانە لەسەر تەعزیە، نەك بۆ زیندووەکان. وە ئەگەر بێت و لە کتابی نوسەرێکی باوەڕ پێکراوی خۆیاندا نوسرابێت دروستە هاوار بکرێتە پیاوچاکان، ئەوە باوەڕ بەو دەکەن، بەڵام باوەڕ بە کەلامی خوا ناکەن، وە قورئان و حەدیس دەخەنە پشت گوێ و، مانای ئایەتەکانی دەگۆڕن و تەحریفی دەکەن بەناوی تەفسیرو لێکدانەوەو تەئویل و مەجاز. وە چەندان شوبهە دەهێننەوە، بۆ ڕەت کردنەوەی مانای زاهیری ئەم ئایەتە قورئانیانە.

﴿ والحمد لله رب العالمين ﴾

www.ba8.org